# تێپچوونەکانی دادگای فرانس ڤان ئانرات لەسەرەتای دۆزەکەوە تا ڕۆژی 17-03-2007

**ئامادەکردنی ئەمیر قادر**
**لە کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانرات**

ناوەڕاستی ساڵی 2003 لەگەڵ 2 هاوڕێی تری هۆڵەندی و کوردێکی باشوردا بەپاڵپشتی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی کۆمیتەی بەدادگا گەیاندنی فرانس فان ئانراتمان پێک هێنا، لە21–11–2003 ئەو کۆمیتەیە بەهۆڵەندی وەکوردی بوونی خۆی ئاشکراکرد، کۆمیتەزۆرکاری گرنگی کرد هەر لەدابین کردنی فایلێکی پڕ لەزانیاری بۆ پارێزەرو پارێزەری گشتی تا دابین کردنی کرێ و هەقدەستەکانی محامیەکە و مەسەلەی وەرگێڕان و زۆر وردەکاری تر، ئەو کۆمیتەیە بە درێژایی ئەو 4 ساڵە دایان کۆبوونەوەیان ئەنجامداو تونیان خۆیان بخەنە ژێرباری هەمووتەنگ و چەڵەمەکانی ئەم کێشەیەوە کە ڕاستیەکەی بۆ زۆربەی بەشداربووان ئەگەر بە ڕاستی هەڵبسەنگێنرێت هێندەی کارە کانی خۆیان کە لەنێوان 32 تا 40 کاتژمێر زیاترە کات و ژیانیان بۆ تەرخانکردووە من وەک کوردێک هەمیشە لەو کۆمیتەیەدا هەستم بە خەجاڵەتی لەبەرانبەر دڵسۆزی و لێبڕاوی هاوکارانی غە یرە کورد دەکرد، لەلایەکی تریشەوە تووشی شۆک دەبووم لەبەرانبەر دەم ئاوەدانی زۆرێک کەسانی تری کوردو خۆکردنە خاوەنی ئەم دۆزە ،لەم 4 ساڵەدە بەتایبەت وەختێک کێشەکەی ڤا ئانرات تەقیەوەو تاوانبار سزادرا، زۆرکەس خۆیان کرد بەخاوەنی و بابەت و میدیاکانیان لەم شتانە پڕکرد زۆربەی ئەو بابەت و نووسراوانەی لەپشت مێزەکانی کۆمپیوتەرەکانو دوور لەگۆنگەڵی ئەم دۆزە دروستدەکران تەژیبوون لە ناڕاستی و ئەگەر کات بواربدات ڕەنگە ڕۆژێک بێت ڕاستی ناڕاستی و ڕەش و سپی بوونی ئەوشتانەش و لێک جیاکردنەوەیان گرنگی خۆیان هەبێت و لەسەریان بنووسم، خەڵکی هەمیشە دەست بڕاوو فێڵ لێکراوو هەمیشە درۆلەگەڵداکراوی هەڵەبجەو ئەنفال و کوردستان بەداخەوە ڕەنگە هەندێک جار باوەڕیان بەم شتانە هێنابێت!

زۆرجار وابووە کە پێویست بووە لەبەرانبەر هەندێک ناڕاستیدا وەڵام بدەمەوە بەڵام نەکاتم بۆی هەبووە وە نە لاشم گرنگ بوو بەتایبەت لەو کاتەدا کە ئێمە خەریکی کارێکی گرنگ و هەستیاربووین من تەنها لەو ڕاپۆرتانەی خۆم بەرگری دەکەم کە خۆم لە ژووری دادگاوە نوسیومن و سەرە قەڵەمەکانو تێبینیەکانم ئێستاش لە ئەرشیفدا پاراستوون یان لە کۆبوونە جەماوەریەکاندا یان لە میدیاکاندا باسم کردوون، تامەسەلەی کۆمەکەکان و ئەوانەش کە یارمەتیان داوە بۆ خەڵک ڕوونبن من ڕاپۆرتی دارایی کۆمیتەکە دەخەمە بەردەستی خەڵک، ئەم ڕاپۆرتە لەسەر بنەمای ئەو لیستی حساباتەیە کە پارێزەرەکەمان خاتوو لیسبێس زێخفێلد داویەتی بەمن، هەرکەس و لایەنێکی پەیوەند دار دەتوانێت ئەو لیستە ببینێت وە سەیری بکات، دیارە من ئاگاداری هیچ کۆمەکێکی ترنیم کە بۆ ئەم دۆزە خەرجکرابێت ، هەرکەسێکی تر یان هەرکۆمەکێکی تردراوە بەهەر کەسێک ئەوە ئەو کەسە لێی بەرپرسیارە و دەکرێت لەگەڵیدا پەیوەندی بکرێت .... ، شتێک کە لای من گرنگ بووە بە ئامانج گەیاندنی ئەم دۆزەبووە، خۆشبەختانە شتەکان باش چوونە پێش و ئەو هەموو کارە بە فیڕۆ نە چوون، ئێستا کە پێدا چوونەوەی دۆزەکەی فان ئانرات لە دوا قۆناغدایە و تا ئەم چرکەیە کارەکان باش دەچنە پێش لە چەند مانگی تردا تا هاوینی ئەم ساڵ ئەم دۆزە کۆتایی دێت، جێگەی خۆیەتی چەند شتی زۆر بزوێنەر باسبکەم، 6000 ئیرۆی یەکەمی ئەم دۆزە لە فۆندسە هۆڵندیەکان و پارتی سۆسیالست وەرگیراوون،

یەکەمین کورد کەپارەی خستە سەر ژمارەی بانکی کۆمیتەکە کوردێکی ڕۆژهەڵات بوو (عەلی ڕەحیمی)،وەیەکەمین کۆمەکی دەرەوە وابزانم منداڵێکی هەڵبجەیی بوو بەناوی باوان دلێر لە دانیمارک،کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی تاوانبار وەک لەسەرەوەباسم کرد هەموو خەرجی هاتووچۆو کارەکانیان لەگیرفانی خۆیانبووە (کەسانی تر هەن کە لەدەری کۆمیتەکەن و بەڵام سەردانی دادگایان کردووە کۆمیتە هەندێک پارەی بۆسەرفکردوون کە سەرجەم نزیکەی 320 ئیرۆیە) ئەوەی ئەندامانی کۆمیتەکە لە گیرفانی خۆیان سەرفیان کردووە بۆ هەریەکەیان ڕەنگە چەند هەزارئیرۆیەک ببێت ،هاوڕێیانی چاک لە وڵاتانی هۆڵانداو دەرەوەی هۆڵەندا دەوری باشیان بوو کەزۆریان لەگیرفانی خاڵی خۆیان کۆمەکیان کرد،ڕێباز قادرو دالیامحەمەد کە هەردووکیان قوربانی و برینداری هەڵەبجەبوون لەگیرفانی خۆیان وە بەنەخۆشی ئامادەی هەموودانیشتنەکان و لێکۆڵینەوەکانی لای محامی و پۆلیس بوون لەگەڵ کاک عە لی ڕەحیمیدا کە ببووە بنکەیەکی گرنگ بۆ کوردەکانی سەردەشت و رۆژهەڵات،وە هاوڕیان پێشەواو کامەران و عەلی مەحمودو عەلی سمایل وشێروان ئەندامانی چاک لە هۆڵەنداو هەرچی لەدەستیان هات کردیان لەپەیوەند بە ئامادەکردن و بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانەکانی هۆڵەندادا.

| ڕێکخراو یان سەرچاوە | بڕی پارە کە دراوە بە پارێزەرەکە –ئیرۆ– | مێژووی خەرجکدنی |
|---|---|---|
| کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانرات | 2500 | 2004–4–23 |
| کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانرات | 2946 | 2004–09–10 |
| کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانرات | 1190 | 2004–9–14 |
| کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانرات و– چاک | 2260 | 204–11–17 |
| کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانرات و– چاک | 2000 | 2005–7–12 |
| کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانرات و– چاک | 2000 | 2007–02–19 |
| سەرجەم | (دوانزە هەزارو | |

| | | |
|---|---|---|
| | **هەشتسەدو نەوەدو** شەس ئیرۆ)12896 | |

**بۆ هەر تێبینیەک دەتوانن پەیواندی بکەن بەم ئی مەیڵەوە**
hangau@gmail.com